# هەواڵێک لە بووکنییان نییە..

**نەژاد عزیز سورمێ**

پـۆلی باڵندان،
دوور لە هێلانە
دوور لە گوێسوانە و پەنجەرەی ماڵان،
یـاخی
لە ئاسمانی وێکهاتووماندا
بۆراییان
دەبینرێ و نابینرێ
شەڕی بەفر و باران ئەکەن..
**(پۆلی باڵندان..**
**ئاسمانی وێکهاتوو..**
**بۆرایی..**
**شەڕ.. )**
ڕووی سەحەر
سەمای ناکامی
شوێنەواری چاوپۆشین،
ئارەزووی هاوینە ڕازاوەکانی
سەر بە زستانە..
ئارەزووی،
زیندەخەونەکانی چیا و
دەنگی
دیوارە ڕووخاوەکانە
سات بە سات،
پارێـکیان لێ
بەلادا دێ..
**(سەمای ناکامی..**
**شوێنەواری چاوپۆشین..**
**زیندەخەون..**
**دیواری ڕووخاو..)**
کەلاری دژواری
پەیـژە پێ لێ هەڵبڕاوەکان



بڵێسەی کزی پرسیاران
تەمی شەوق
لە ئەبستراکتی شەیدای بێدەنگیدا
دەتوێنەوە..
ئاگردانی سەرمابردوو
کوشتەی
هەڵپەرکێ و زەماوەندان،
عاشقکوژانە
لە ئامێزمان دەگرن
وەک ئەوەی
لە ئاهەنگێکی پیرۆزا بین
پێکی بەتاڵمان لەدەست بنێن..
**(کەلاری دژوار..**
**بڵێسەی کز..**
**تەمی شەوق..**
**پێکی بەتاڵ.. )**
لێرەوە
لە سیمای خانمی
سەر بە شەوەوە
دەرکەوت،
باڵندە بۆچی
دوور لە گوێسوانە و پەنجەران
ئەمسەر و ئەوسەر دەکەن..
ئاسمانمان بۆ لێ
وێک هاتۆتەوە
ڕەونەقی نان و ئاو
تەمەنی ئاڵووالایان
چۆن لە باگوزەرێکدا تێپەڕاند..؟
**(خانمی سەر بە شەو..**
**ئەمسەر و ئەوسەر..**
**ڕەونەقی نان و ئاو..**
**تەمەنی ئاڵووالا.. )**
گەواڵە
لەبەر خۆری نیشتماندا دەرناکەون..
نەوەی سەدەی بەیدەستان
لە عەشقی خۆیاندا دەگەوزێن
بۆ لە شەوڕاشکانێ نەگەیشتن
چاویان لە خۆزگە هەڵنەگرت..؟
**(خۆری نیشتمان ..**
**سەدەی بەیدەستان..**
**شەوڕاشکان..**
**خۆزگە.. )**
بارێزەش پێ نەوەستا
سەرابی بەر دیدەمان بڕەوێنێتەوە
بە درێژایی ڕووباران
ڕێکەوتی بڕێکمان نەکرد..
چیلکە دارێکمان
لە بێشەڵانی چڕی هەستمان دەست نەکەوت..
ئەندێشەی نەوت،
تاوە بارانێک دەرچوو
بێ ئاوڕدانەوە
بێ سڵاو
هات و ڕۆیی..
شتە ناشتە بەشتبووەکانی دی،
بەری چاویان گرتین
نەیانهێشت گەردی
سمی ئەسپی،
بووکنییانمان لێ دیار بێ..
(بڕ..
**ئەندێشەی نەوت..**
**شتە ناشتە بەشتبووەکان..**
**سمی ئەسپی بووکنییان..)**
باڵای مزگێنی ئاودامانی خەون
بە کەروێشکەی مێرگانیش نابینرێ ..
دڵنیایی،
بە گومان پێچراوەتەوە
بە گڕ باڵندە یاخییەکاندا دەچێ..
دڵنیایی،
تارایەکی ڕەشە
ئاوێنەی دوابڕاو،
پۆلی باڵندان دەردەخاتەوە
زەوی و ئاسمانی لێ تەنیوین

چاو خومار دەکا
نەشئە دەداتە گەڵایان
بەر لە وەرزی خۆیان هەڵبوەرێن..
نامەی شەوانەی ئـاگربازی
سوارە بێ خەبەرەکان
نامەی دڵی سادەمان،
کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی شادیدا
دەسەوەستانە..
پەژارەی پشکۆیان،
بارانی لازوەردی چلەشۆر
لە گەڕەکی (هەر کەسە بۆ خۆ)دا
دەگەیەنێ..
**(دڵنیایی..**
**ئاوێنەی دوابڕاو..**
**سواری بێ خەبەر..**
**گەڕەکی- هەر کەسە بۆ خۆ-..)**
درەخت،
گەڕانەوە چاخی تەوتەمایەتی
دارستان
چڵی هەڵچووی تـاسان دایدەپۆشێ
زەردەپەڕ دەستی بەسەر دادێنێ
سروشت دەرمانی سروشت ئەکا
ئاوازێکی نامۆیـە ڕیتمی داد..
**(چاخی تەوتەمایەتی..**
**چڵی هەڵچوو..**
**سروشت..**
**ڕیتمی داد..)**
دام نەنابوو
بگا بەوەی
وەرز هەموو لێک بچن
دام نەنابوو
لەگەڵ دەرکەوتنی غەمزە و
چاڵی ڕوومەتان
ڕەنگ تێکەڵ بن
وێنەی شەتاوان
لە زەنوێران
هەڵدەخلیسکێن
دام نەنابوو..
**(لێکچوون..**
**دەرکەوتنی غەمزە..**
**شەتاو..**
**هەڵخلیسکان..)**

بە تـێژی سەفەرە کورتەکانی نیلۆفەر
تیشکم
لە بۆشاییدا دیتەوە..
ئەوە ڕووناهییە هێرش دێنێ
ناهێڵێ
مرۆڤ
پۆلایان پێ
خوار بکرێتەوە ..
ڕووناکییە،
قەدیفەی بێـپایانی تیا
دەگەشێتەوە ..
**(تیشک..**
**بۆشایی..**
**پۆلا..**
**قەدیفە..)**
باس لە شایی جنۆکان بوو
لە کانیی بەردینی گـوندی،
ژن و پیاو
خۆیان تێداویشت
بە لافاوی بیابانم چواندبوو
دۆلار و یۆرۆ و یەن ڕادەماڵێ
تەڕیان ناکا..
ئەوەیە نوێشکی
سترانە غەمگینەکانی سەردەم
وەک کەلوپەلی خاو
دەخزێنرێنە کارگەکان
کارخانەچییان بەرهەم بێنن..
**(شایی جنۆکان..**
**کانیی بەردین..**

**سترانی غەمگین..**
**کارخانەچی..)**
هەناسە
ئاماژەی مان
بەبەری ترازاندا کەوتووە
لێیان کردین
بە ڕایەڵێکی لەرزۆک
بە بۆنە و بێ بۆنە
دێ و دەچێ ..
باڵندە یاخییەکان دەمانبینن
هەموومان دەبینن
کچە چارۆگ ئاڵەکانیش
کە تاکوتەرا ئـاسەواریان ماوە
دیماهیی سەخت
سروودی بەسەرچوون
موچرکی خامۆشبوون
ترسمان
بەدبیـنیمان
هەمووی دەبینن باڵندە
تیرێژی زەردەپەڕ
شکۆفەی وەنەوشانیش دەبینن
بە دیار پیسکە و کەلاکخۆران
کە تۆزی ئاردماڵکیشمان
پێ ڕەوا
نابینن..
**(کچانی چارۆگ ئـاڵ..**
**دیماهیی سەخت..**
**سروودی بەسەرچوون..**
**پیسکە و کەلاکخۆر..)**
تریاکی لەبیربردنەوەی
کەژاوەی بێ خەبەری بووکنییان ئەوەیە..
ئەوانـەن بـێوەپاکیزەی کەناران
بێئومێد
چاویان لە گوڵاڵەکانی شەرم بڕیوە
سەربردەیان ناگێڕدرێتەوە ..
**(تریاک..**

**کەژاوەی بووکنییان..**
**بـێوەپاکیزەی کەناران..**
**گوڵاڵەی شەرم..)**
من چیم داوە
شین بۆ باڵندە یاخیبووەکان بگێڕم
لە شۆستە و شەقامان هەڵبلەرزم
گوڵی ڕاست و چەپم
لێ ببنە پلاستیکی ژینگەشێوێن
دنیایان پێ ڕازاندراوەتەوە،
سەر بە جەنگەڵ
سەر بە مەرگی دواخراو..
بە سەمای هەوادارانی جەنگ خەولێخراو..
دوای مردن،
کام مزگەوت ، کێهە کەنیسە
پرسەیان بۆ دادەنێ؟
(هەڵلەرزین..
پلاستیکی ژینگەشێوێن..
سەمای هەوادارانی جەنگ..
پرسە..)
چیم داوە
لە مەوسیمی نەداری
لە هەڵمی بۆگەنی بیرە نەوتی شێرپەنجەهێن
بەدنیهادی تێدا
تەرز داوێ
ئاسمان و ئاسمان
ڕووەو باڵندە یاخییەکان هەڵدەچێ ..

سەردەمێکە شەختەبەند،
چیم داوە
لە هاژەی تاڤگە
خووڕەی ڕووبار
هاتوچووی ماسییان..
چیم لە بەندەری ئەستێران داوە
تاریکایی،
لەنگەری لێ دەگرێ
شیعری ڕۆژانەی

به ستایلی پاشمۆدرێنایەتی
لێ دەنووسرێن..؟
**(هەڵمی بۆگەن..**
**بەدنیهادی..**
**هاتوچووی ماسییان..**
**بەندەری ئەستێران..)**
سۆز،
سۆزی گەڕانەوەی بووکنییانە
لە چریکەی باڵندە یاخییەکانەوە هەڵدەڕژێ
ناگاتە زەوی..
سۆزی چاوەڕوانییەکی بێکۆتاییە
بۆ زیندووڕاگرتنی جەستەی خولیاکانمان
بۆ هیچ..
سۆز،
سۆزی گریانی ژنە تەنیاکانی
شەوە سووتاوەکانە
پەلکەگیای گردۆڵکانی
پێ
ئارام دەبنەوە..
**(گەڕانەوەی بووکنییان..**
**ژنانی تەنیا..**
**شەوی سووتاو..**
**پەلکەگیای گردۆڵکان..)**
نابێ ئەمە دوا پێکت بێ کریڤ!
تـاوپەڕێـنان،
گەشتێک
بۆ باخچەی وێرانی خەونەکانت بکە
دەرگا لە (با)ی ناکاو دامەخە
بڵێی،
لەسەرچاوەی چۆلپەرستییەوە دێ
لە پاشمۆدرێنەدا دەژییێتەوە.
کە هەواڵێک لە بووکنییانەوە نەبێ
بووک،
لە کوێدا
جێی باسە ئەزیزم..!
**(باخچەی وێران..**
**با ی ناکاو..**
**چۆلپەرستی..**
**بووک..)**
چریکەی باڵندە یاخییەکان
دەمانبەنەوە ئەشکەوتان
دەمانبەنەوە ناو
پرسیارە سەرمۆرەکان
زەماوەند
لە گۆڕستانان بەرپا دەکەن
زۆر جار
دەسماڵی دەستیان
لە کێلی قەبران دەئاڵێ
مردووە حەساوەکان سەخڵەت دەکەن..
**(پرسیاری سەرمۆر..**
**زەماوەند..**
**گۆڕستان..**
**مردووی حەساوە..)**

هەواڵێک لە بووکنییان نییە..
شایی بە بێئاگایی و
درەوشانەوەیەک بەرپایە
تـۆز لە زەوی هەڵدەستێنێ..
هەواڵێک لە بووکنییان نییە
ڕەنگە ئەم کاروانەیش
بە دەردی
ئەوانە چووبێ
بەخۆ و خەونەکانییانەوە
ناوە ناوە
(ئیـجە) هەڵیاندەلووشێ.

**کانوونی دووەمی ٢٠٢٥**